# رسائل مولد النبي وانعكاسه في شعر الشعراء الكورد الكلاسيكيين

ا. م. د. بكر شاكر عبدالله
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، حكومة إقليم كردستان- العراق.
bakir.abdullah@su.edu.krd

الكلمات المفتاحية: رسائل مولد النبي، الشكل، المضمون، شعراء الكورد الكلاسيكيون، أدب الكوردي.

كيفية اقتباس البحث
عبدالله , بكر شاكر , رسائل مولد النبي وانعكاسه في شعر الشعراء الكورد الكلاسيكيين,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# The birthday of the Prophet and its reflection in the poetry of classical Kurdish poets.

**Dr. bakir shakir Abdullah**
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, .Salahaddin University- Erbil Kurdistan Region / Iraq**
**bakir.abdullah@su.edu.krd**

**Keywords** : Books on the birth of the Prophet, Face, Content, Kurdish Classical Poets, Kurdish Literature.

**How To Cite This Article**

Abdullah , bakir shakir , The birthday of the Prophet and its reflection in the poetry of classical Kurdish poets. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This research is an attempt to introduce and present the birthday letters written by Kurdish poets in poetry and commemorate the birthday of the Prophet of Muslims, with the appearance and content of these birthday letters The emergence of these names among the eastern nations such as: Arabs, Persians and Turks, especially in Kurdish literature, with examples of some of these birthday names among Kurdish poets according to their dialects, such as: Upper Kurdish, Lower Kurdish, Gorani and Lori. Then we will take some of these texts as examples and analyze them in terms of weight and poetic language and introduce them to the readers. This study is within the scope of the works of classical Kurdish poets, so we will only visit those birthday books written in poetry, but those written in broadcast or broadcast poetry do not fall within the scope of our discussion.

We have divided the discussion into two main parts, namely theoretical and practical. It consists of an introduction and two parts. The first part, which includes theory and two topics, is divided as follows: With the history of its emergence in the literature of nations such as: (Arabs, Persians and Turks). The second topic is devoted to the emergence of Mawlidnama in Kurdish literature, which is presented according to the division of Kurdish dialects: (Upper Kurdish, Lower Kurdish, Gorani and Zazaki); The second part, which is all practical, is to present the appearance and content of the birthday letters.

**ملخص**

يهدف هذا البحث إلى تقديم رسائل المولد النبي التي كتبها الشعراء الكورد باسلوب الشعري ، إحياءا لذكرى مولد النبي محمد صلى الله عليه وسلم، مع استعراض شكلها ومضمونها لتلك الرسائل. كما يتناول البحث : من الناحية التأريخية ظهور هذه الرسائل (مولد النبي) بين شعوب الشرق الاسلامية : كالعرب والفرس والترك بشكل عام ، وفي الأدب الكردي بشكل خاص، مع عرض أمثلة لبعض هذه الرسائل بين الشعراء الأكراد بحسب لهجاتهم : الكرمانجية الشمالية و الكرمانجية الجنوبية و الگورانية و اللورية. وفي القسم الثاني: نتناول بعض من هذه النصوص من الرسائل كأمثلة، و نحللها ونقدمها للقارئ من حيث دلالتها كالوزن والقافية و لغتها الشعرية مع بيان أسباب كتابتها باسلوب الشعري . تندرج هذه الدراسة ضمن نطاق أعمال الشعراء الأكراد الكلاسيكيين، لذلك سنزور فقط كتب أعياد الميلاد المكتوبة بالشعر، أما تلك المكتوبة بالبث أو الشعر الإذاعي فلا تندرج ضمن نطاق مناقشتنا.

قسمنا النقاش إلى جزأين رئيسيين: نظري وعملي. يتألف النقاش من مقدمة وجزأين. الجزء الأول، الذي يشمل الجانب النظري وموضوعين، ينقسم كالتالي: يتناول الجزء الأول تاريخ ظهور المولد النبوي في آداب شعوب مثل العرب والفرس والأتراك. أما الجزء الثاني، فيتناول ظهور المولد النبوي في الأدب الكردي، ويُعرض وفقًا لتقسيم اللهجات الكردية: الكردية العليا، والكردية السفلى، والغورانية، والزازاكية. أما الجزء الثاني، وهو الجانب العملي، فيُعنى بعرض شكل ومضمون رسائل المولد النبوي.

## مەولوودنامەی پێغەمبەرو ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا

**پ. ی. د. بکر شاکر عبدالله**

bakir.abdullah@su.edu.krd

**بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مەولوودنامەکان، ئەوانەی لەلایەن شاعیرانی کوردەوە بەشێوەی شیعر نووسراونەتەوەو یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانانی پێ کراوەتەوە، ئەویش لە دوو بەش خۆی دەبینێتەوە، لە بەشی یەکەم : هەوڵدراوە چەمک و زاراوەو پێناسەی مەولوودنامە بخەینەڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی مێژووی پەیدابوونی وسەرهەڵدانی لەلای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی وەک: (عەرەب و فارس و تورک)، بەشێوەیەکی تایبەتیش لە ئەدەبی

کوردیدا، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی هەندێک لەو مەولوودنامانە لای شاعیرانی کورد بەپێی شێوەی ئاخاوتنیان، وەک: (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو، گۆرانی، لوڕی)، لە بەشی دووەم، کە کرۆکی باسە کەمانە، هەوڵدەدەین ڕوخسارو ناوەڕۆکی ئەو مەولوودنامانە بخەینەڕوو، کە لەلایەن شاعیرانی کوردەوە بەشێوەی شیعر نووسراونەتەوە، پاشان چەند دەقێک لەو مەولوودنامانە وەک نموونە وەردەگرین و شیبان دەکەینەوەو بە خوێنەرانی دەناسێنین .

**وشە کلیلەکان : مەولوودنامە ، روخسار، ناوەرۆک ، شاعیرانی کلاسیک، ئەدەبی کوردی.**

## پێشەکی

مەولوود وشەیەکی عەرەبییەو بەمانای لەدایکبوون دێت، بەڵام مەولوودی پێغەمبەر واتا ساڵیادی ئەو ڕۆژەی کە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان محمد (د٠خ) تیایدا دەکرێتەوە؛ تیایدا ئاهەنگ دەگێڕدرێت و سروودی ئاینیی دەخوێندرێتەوە، هەروەها بە دەفلێدان و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەرو کارو گوفتارو سیفەتەکانی ڕۆژەکە بەرز ڕادەگیرێت، بەڵام لە مەولوودنامەکاندا باسی گەورەیی پێغەمبەر(د.خ) وئەو ڕۆژەی تیایدا لەدایکبووە بەرز رادەگیرێت و شیرینی بەسەر بەشداربوواندا دەبەخشرێتەوە، کە وەک نەریتێکی کۆنی لێ هاتووەو لەلایەن کوردو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتەوە پەیرەو دەکرێ و تاکو ئێستاش بەردەوامەو ساڵانەش فراونتر دەبێت، ئەمەش وایکردووە مەولوودو مەولوودنامە لەناو ئەدەبی کوردیدا ڕەنگبداتەوەو شاعیرانی کۆنی کوردیش بە شێوەی جۆراجۆر لە دووتوێی دەقەکانیاندا باسی لێوە بکەن، ئەگەرچی زۆربەی مەولوودنامەکان بە شیعر دەنووسرێنەوەو دەخوێندرێنەوە، بەڵام جاری واش هەیە بەپەخشان و هەندێکجاریش بە پەخشانە شیعر(بە تێکەڵاوی) دەکەونە بەرچاو.

**گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە :** (نەتەوەی کورد) وەک یەکێك لە نەتەوە موسڵمانەکان، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، وەکو نەتەوە بووە بە موسڵمان و باوەشی بۆ ئەم ئایینە کردۆتەوە، باسی لەدایکبوونی پێغەمبەریش(د.خ) لەناو هەموو نەتەوە موسڵمانەکان بایەخێکی زۆری پێدراوەو بە گەورەیی لێوەی دواون، شاعیرانی کوردیش بێبەش نەبوونە لەو کاریگەرییەو باسی مەولوودی پێغەمبەریان کردووە؛ ئێمەش دەمانەوێت لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا باس لە مەولوودنامە بکەین و لایەنی ڕوخسارو ناوەڕۆکی بخەینە ڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی شوێن و پێگەی ئەو مەولوودنامانە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ پرسی گرنگی شیعرییەتی دەق و ڕەنگ دانەوەی بابەتی مەولوودو ناوەڕۆکی خودی مەولوودنامە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا دەگەڕێتەوە، بۆیە بە گرنگمانزانی توێژینەوەی لەبارەوە بکەین؛ هەروەها گورزە تیشکێک ئاڕاستەی بەرهەمەکانی شاعیران بکەین، ئەوانەی لە بابەتی ئایینی و مەبەستەکانی پشت ئەنجامدانی مەولوودنامە هاتوونەتە کایەوە .

**میتۆدی توێژینەوەکە :** توێژینەوەکەمان پەیوەستە بە هەردوو لایەنی تیۆری وپراکتیکی، بۆیە لێرەدا پەیرەویمان تەنها لە میتۆدی وەسفی و شیکاریی کردووە .

**سنووری توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە لەسنووری بەرهەمەکانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دایە، بۆیە هەر لەو سنوورەدا تەنها ئەو مەولوودنامانە بەسەردەکەینەوە کە بەشیعر نووسراون، بەڵام ئەوانەی بە پەخشان، یان پەخشانەشیعر نووسراون ناکەونە ناو سنووری باسەکەمانەوە .

**پێکهاتەی توێژینەوەکە :** باسەکەمان دابەشکردۆتە سەر دوو لایەنی سەرەکی، ئەوانیش تیۆری و پراکتیکییە، بە جۆرێك، لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمیان، کە تیۆرییەو دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیە دابەشکراوە : تەوەری یەکەم : چەمک و زاراوەو پێناسەی مەولوودنامە لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتیدا، لەگەڵ مێژووی پەیدابوونی لە ئەدەبی میللەتانی وەك: (عەرەب و فارس و تورک)دا. تەوەرەی دووەم: تەرخانکراوە بۆ سەرهەڵدانی مەولوودنامە لە ئەدەبی کوردیدا، کە بەپێی دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی: (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو، گۆرانی و زازاکی) خراوەتەروو؛ ئەوەی پەیوەستیش بێت بە بەشی دووەم، کە هەمووی پراکتیکییە بریتییە لە: خستنەڕووی لایەنی ڕوخسارو ناوەڕۆکی مەولوودنامەکان.

### ١ : مەولوودنامە وەک بابەتێکی ئەدەبی :

### ١-١: چەمک و زاراوەو پێناسەی مەولوودنامە :

#### <u>١-١-١ : زاراوەی مەولوودنامە :</u>

مەولوودنامە هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە: وشەیەکی لێکدراوەو لە هەردوو وشەی (مەولوود + نامە) پێکهاتووە، مەولوودیش لەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییەو بە مانای لە دایکبوو دێت، واتە خودێ دایی، یان بووی[١]، هەروەها بە مانای: زاد، زاک، زادە، تازەبوو... هتد دێت[٢] ، ئەگەرچی بۆ ناوی پیاوانیش بەکاردێت، بەڵام لەبنەڕەتدا بۆ ئەو مانگە بەکارهاتووە کە پێغەمبەرمان محمد (د.خ) تیا لەدایکبووە، ئەورۆژەش دەکەوێتە رۆژی دوازدەی مانگی ربیع الاول[٣]؛ وشەی نامەش کە بە مانای نووسراو دێت، لە زۆربەی فەهەنگەکاندا هەمان مانای ئەو پەڕە نووسراوەیە دێت، یان کاغەزەی کە نووسراوەکەی تێدا نووسراوە[*]، کەواتە بە یەکەوە مەولوودنامە: دەبێتە ئەو نووسراوەی تایبەتە بە مەولوودی پێغەمبەرو لە چوارچێوەی یادی رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرو گێڕانەوەی ئەو رووداوو بەسەرهاتانەی لە یادی ئەورۆژەدا نووسراون و بۆ بەرزو پیرۆز راگرتنی ئەو رۆژەدا هاتوونەتەکایەوە.

#### <u>١-١-٢ : چەمک و پێناسەی مەولوودنامە :</u>

مەولوودکردن: یەکێکە لەو بۆنە ئاینییانەی کە موسڵمانان لە رۆژی (دوازدەی ربیع الاول)ی هەموو ساڵێکی کۆچیدا یادی دەکەنەوەو ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتە موسولمانەکان، هەرگیز ئەم یادەی لەبیر نەکردووە، نەک هەر مافی خۆی داوەتێ، بەڵکو پێشڕەوی میللەتانی ناوچەکەشی وەرگرتووە، بۆنموونە: سوڵتان (مظفر)ی هەولێری کە حاکمی شارەکە بووە، یەکەم کەس بووە بە شێوەیەکی فراوان و بە ئاشکرا گرنگی بەو بۆنەیە داوە[٤] ، یان بریتییە: لەو رۆژەی کە تێیدا پێغەمبەرمان محەممەد (د. خ)، لەدایک بووە، هاوکات دەکەوێتە رۆژی دوازدەی مانگی (رەبیعولئەوەل)، واتە: رۆژی دوو شەممەی هەموو ساڵێکی عەرەبی، تێیدا موسوڵمانان هەموو ساڵێک لەو رۆژە بە تایبەتی لە هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی ئاهەنگێکی گەورە بەو بۆنەیە دەگێڕن و دڵخۆشی خۆیان بەیادی لە دایکبوونی محەمەد (د، خ)[*] دەردەبڕن، کە تێیدا کۆڕو مەجلیس دەبەستن، لەو کۆڕەدا سروودو شیعری ئایینی

دەخوێندرێتەوە، وەسف و مەدحی پێغەمبەری تێدا دەكرێت وبە بەژن وبالای پێغەمبەردا هەڵدەڵێن[٥]، لەو پێداهەڵگووتنەدا دەرس وعیبرەت لەژیاننامەی ئەم كەڵە پیاوە وەردەگیرێت، لەو كۆڕەدا خواردن و خواردنەوەش بەسەر ئامادەبووان دابەش دەكرێت، بەتایبەتی فەقیروهەژاران،[٦] لەكوردستان وولاتی خۆشمان بەتایبەتی شاری هەولێر گرنگییەكی زۆری بەو بۆنەیە دەدرێت، كە بەڕاستی شاری هەولێر بووەتە نموونەیەک بۆ هەموو ولاتانی ئیسلامی[٧].

**١-٢ : مێژووی مەولوودنامە لە ئەدەبی میللەتانی رۆژهەلاتدا :**

سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە ڕەگ وریشەی شیعر بووە، ئەمەش وای كردووە: ((شیعرو ئەدەبیاتی ئیسلامی، وەك شێوەو قاڵب لە چەندین ژانری ئەدەبییدا خۆی ببینێتەوە، چونكە پێویست بوو شاعیر، یان نووسەر تا رادەیەكی زۆر خۆی بۆ بابەت و پرسی ناوەڕۆكی ئەدەبەكە یەكلایی بكاتەوە، لەهەمووشیان گرنگتر یەكلایی كردنەوەی بابەتی یەكتا پەرستی، پەرستنی خودا، داننان بە دوا نێردراوی پێغەمبەر(موحەممەد د. خ). ئینجا پابەندبوون بە مرۆڤبوونەوە لەپێناو ئەدەبێكی ئاكاریی، كە سوودی بۆ رەوڕەوەی ژیانی مرۆڤ هەبێت))[٨] ئەو بنەمایانە وایانكرد پیاوانی ئایینی :(مەلاو شێخەكان) خۆیان بە جێگرەوەی پێغەمبەر بزانن و هەوڵبدەن فەرموودەو داخوازییەكانی ئایینی ئیسلام بڵاو بكەنەوەو ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر جێبەجێ بكەن كە دەڵێت: (العلماء ورثة الانبياء)، بۆیە شاعیران لەو چوارچێوەیە یادكردنەوەی لە دایكبوونی پێغەمبەریان بەهەلزانیوە بۆ دەرخستنی توانایی و دانایی خۆیان لە نووسینداو دەر خستنی وەفاو خۆشەویستی بۆ پێغەمبەرەكەیان، بۆیە پیاوانی ئایینی بەشێوەی شیعرو پەخشان هاتوون ئەو رۆژەیان كردۆتە هۆكارێک بۆ بڵاوكردنەوەی ناوەرۆكی ئایینەكەیان لە رێگەی بەرزراگرتن وبە پیرۆززانینی ئەورۆژە، ئەویش بە یادكردنەوەی ئەو رووداوو بەسەر هاتانەی تایبەتن بە ژیانی ئەو، لەگەڵ خستنەرووی هەندێ لەزات و سیفات وگەورەیی ئەو پێغەمبەرە.

**١-٢-١ : لە ئەدەبی عەرەبیدا :**

سەرهەڵدانی مەولوودنامە لە ئەدەبی میللەتانی موسڵماناندا، بەبۆچوونی زۆربەی زانایان تا سەرەتای سەدەی چواری كۆچی لەهیچ سەرچاوەیەكدا ئاماژەی پێ نەكراوە، هەتا لەناو قورئان و حەدیسیشدا بەرچاو ناكەوێت، كە باسی ئەویادە كرابێتەوە، مێژوونووسان و رەخنەگرانی ئەدەب پێیانوایە بۆ سەردەمێكی زۆر كۆن دەگەرێتەوە، وەک لە زۆربەی سەرچاوە ئەدەبییەكان و مێژووییەكاندا ئاماژەی پێدەكەن[٩] بەلام یەكەمین نووسراو كە یادی مەولوودی پێغەمبەرمان بۆ بكاتەوە دانراوەكەی (ابن الجوزی ٥١٠-٥٩٧ك)یە بەناوی: (العروس)، یان(مولد النبی)[١٠]، چونكە یەكەمین مەولوودنامەیە بە شێوەی پەخشان نووسرا بێت و تیایدا هانی موسڵمانان بدا بۆ یادكردنەوەو بەرز راگرتنی ئەورۆژە[*]، لەگەڵ دیاریكردنی هەندێ لە سیفات و ئەو پەرجو وانەی (معجزە)ی پیغەمبەر، كە تا ئەوكات زۆربەی موسڵمانان نەیان دەزانی چ رۆژێكە[١١].

دوای ئەوە چەندین شاعیرو نووسەری تر هاتوون بە پەخشانی سەروادار، یان بە شیعر باسی ئەو یادەیان كردۆتەوەو هەوڵیانداوە ئەو یادە بكەنەوە، بۆ نموونە: ((عبدالرحيم العراقي) كە لە (٨٠٨ك) مردووە، مەولوودنامەی هەیە بە ناوی: (المورد الهني في المولد السني) ؛ (شمس الدين السخاوي)یش كەلە (٩٠٢ك)مردووە، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (الفخر العلوي في المولد النبوي)؛ هەروەها (عمربن الحسن المعروف ابن دحيه الكلبي) كەلە (٦٣٣ك) مردووە، مەولوود نامەیەكی هەیە بەناوی (التنوير في مولد البشير النذير)؛ ئەم مەولوودنامەیە لە (٦٢٢ك) لە شاری هەولێر بۆ سوڵتان مظفر(٥٨٦-٦٣٠ك)ی نووسیوە، لەوكاتەی خەریكی

ئاهەنگگێڕان بووە، دوای ئاهەنگەکە سوڵتانی هەولێر پاداشتی کردووەو مەسرەفی مانەوەشی لەئەستۆ گرتووە؛ هەروەها (شمس الدين بن ناصرالدين الدمشقي) کە لە (٨٤٢ ک)مردووە، چەندین مەولوودنامەی هەیە بە ناوەکانی: (المورد الصادي في مولد الهادي) و (جامع الآثار في مولد المختار) و (اللفظ الرائق في مولد خير الخلائق)؛ هەروەها (علي زين العابدين السمهودي) کەلە (٩١١ک) مردووە، مەولوود نامەی هەیە بە ناوی: (الموارد الهنيه في مولد خير البرية)؛ (أبوبكر محمد أبي بكر الحبيشي)یش کەلە (٩٣٠ک) مردووە، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (الكواكب الدرية في مولد خير البرية)؛ (ملا علي قاريء)یش کە لە (١٠١٤ک) مردووە، مەولوودنامەیەکی هەیە بەناوی: (المورد الروي في المولد النبوي)؛ (جعفر بن حسن البرزنجي)یش کەلە (١١٧٧ک) مردووە، مەولودنامەی هەیە بە ناوی: (عقد الجوهر في مولد النبي الأزهر)و ناسراوە بە (مولد البرزنجی)، ئەم مەولوودنامەیە: بڵاوترین وناسراوترین مەولوودنامەیە لەجیهانی ئیسلامیدا؛ (محمد بن علي المعروف بالشنواني) کەلە (١٢٣٣ک) مردووە، مەولوودنامەیەکی هەیە بە ناوی: (الجواهر السنية في مولد خير البرية)؛ هەروەها (عبدالله عفيفي)ش کەلە (١٣٥٠ک) مردووە، مەولوودنامەیەکی هەیە بەناوی: (المورد الروي في المولد النبوي)، دواهەمینیش کە چاپ وبەردەستە ئەوەی (أحمد بن حجر العسقلاني)یە بە ناوی (تحفة الأخبار في مولد المختار)، کەلە (١٢٨٣ک) لە دومانیەی دیمەشق چاپکراوە، لەگەڵ هی: (يوسف النبهاني)ی کەلە (١٣٥٠ک) مردووەو بەناوی(جواهر النظم البديع في مولد الشفيع)ەو لە بەیرووت چاپکراوە[١٢] .

**١-٢-٢ : لە ئەدەبی فارسیدا :**

سەرهەڵدانی مەولوودنامە لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا[*] هەر لەسەرەتاوە هاو شێوەی ئەدەبیاتی عەرەبی لەگەڵ پەیدابوونی ئەو ئەدەبە دەستی پێکردووە، ئەدەبەکەشیان لەوکاتەوەیە کە زمانی عەرەبی هەوڵیداوە جێگەو پێگەی زمانی پەهلەوی بگرێتەوە, ئەویش لە سەدەی حەوتەمی زایینی بووە، ئەدەبیاتی فارسی لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام تەنها باس لە بایەخدان و خستنەڕووی بنج و بنەوانی ئایینی زەردەشت و کتێبی ئاڤێستا بووە, کە ماوەی سێ سەد ساڵێکی خایاندووە[١٣], دوای ئەوە ئەدەبیاتی ئیسلامی بەزمانی عەرەبی لەسەرەتاداو بەزمانی فارسی لەپاشان جێ پێی ئایین و زمانی ئاڤێستای پەهلەوی لەق کردوو کۆتایی پێ هێناوە.

لەپاش کۆتاییهاتنی حوکمی فارسی و بێزەنتی و پەیدابوونی عەرەب لەو وڵاتانە، دەستەی خوێندەواری تازە ئەوانەبوون کە بەهۆی ئایینەوە ئاشنای زمانی عەرەبی بوون، ئەو کەسانەش ئەهلی مزگەوت بوون، وەکو لە ناوچەی سیستاندا لە سەدەی سێیەمی کۆچی بەدواوە دەستی پێکردبوو[١٤]،

بەهاتنی سەدەی چوارەمی کۆچی و بەکارهێنانی زمانی فارسی لەناو ئەدەبیات و کاروباری ولاتدا, وایکرد زمانی فارسی وەك زمانێکی سەربەخۆ سەیر بکرێت و شاعیران شیعری پێ بنووسنەوە، گرنگترین شاعیرانی ئەم چەرخەش: ڕوودەکی(٣٢٩ک) و بەڵخی (٣٢٥ک) و دەقیقی (٣٦٩ک)و فیردەوسی(٤١١ک) و عونسووری(٤٣١ک) وهی تربوون.

لە ناوەڕاستی (سەدەی پێنجەم تا سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی), کە بەسەدەی سەر هەڵدانی بنەماڵەی سەلجووقییەکان لە دوای غەزنەوییەکان دادەنرێت, لەم قۆناغەدا زمانی ئایینی عەرەبی و ئاخاوتنی (دیالێکتە ناوەخۆییەکان) لە شیعرنووسیندا تێکەڵ دەکران و ببووەهۆی پەیدابوونی شێوازێکی نوێ لە نووسیندا, ئەم کاریگەرییەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە :


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

١- لایەنی سۆفییەتی لە ئەدەبداو هەڵگرانی بەیداخی ئەدەب لەو چەرخەدا سۆفی بوون.
٢- لە ڕووی سیاسی وئیدارییەوە: چەندین بنەماڵەی غەیرە فارسی وەك: سەلجووقی و بوەیهی و دەیلەمی و خوارزمییەکان دەسەلاتی سیاسییان گرتبووە دەست وهەوڵیاندەدا زمانی ئایینی و ئەدەبی بۆهەموو میللەتە موسڵمانەکانی ژێردەسەلاتی خۆیان بگونجێنن ، باشترین نموونەش: بایەخدان بوو بە ناوەرۆک و بنەماکانی ئایینی ئیسلام ودەرخستنی ڕۆڵی پێغەمبەرەکەیان، وەک لە مەولوودنامەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە لەو ماوەیەدا چەندین مەولوودنامە لەسەر پێغەمبەرو چۆنیەتی لە دایکبوونی و ئەو قۆناغانەی پێی تێپەڕیوە نووسراون، نموونەی وەک ئەوانەی کە لەلایەن نووسەرانی فارس بە زمانی عەرەبی نووسراون، سەرباری ئەمە شاعیران هەوڵیانداوە بە زمانی فارسیش مەولوودنامە بنووسن، نموونەی وەک : (محەمەد کوری مسعود سعیدالدین گازروني) کە لە (٧٥٨ک) مردووە، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (مناسك الحجز المنتقى من سير مولد النبي المصطفى)، هەروەها(محەمەد یەعقوب ئیبراهیم فەیروزئابادي ناسراو بە مجدالدين أبوطاهر الشيرازي) کەلە(٧٢٩ک-٨١٧ک) ژیاوە، مەولوودنامەیەکی هەیە بەناوی: (النفحة العنبرية في مولد خير البرية)[١٥]و هەروەها زۆرانی تر.

**١-٢-٣ : لە ئەدەبی تورکیدا:**

ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بەبوونی ئەدەبی تورکی لەسەر خاکی تورکان دەکەن, دەڵێن: سەرەتاکەی بۆ سەدەکانی ناوەڕاست وسەردەمی سەلجووقییەکان دەگەڕێتەوە, ئەویش بە هۆی تێکەڵبوون و کارتێکردنی ئەدەبی فارسی لەڕێگەی هەندێ شاعیرانی فارسەوە بەسەریان، بە تایبەتی لەسەدەی دوازدە بەدواوە دەستی پێکردووە، ئەو ئەدەبە لە سەرەتاوە بە زمانی فارسی بووە، ئەمەش ڕێی خۆشکرد ئەدەبێکی سۆفیزمیی لەو سنوورەی پێی دەگوترێ (ئەنادۆڵ) تەشەنە بکات[١٦]، چونکە هەر لەسەرەتاوە کەوتبووەژێر کاریگەری هزری سۆفیگەری ئیسلامی، ئیتر بەو شێوە فارسییەو ناوەرۆکە ئایینیە بەردەوام بوو تا کۆتایی سەدەی هەژدەم، پاشان شیعری ئایینی وسۆفیگەری لەلایەن سوڵتانەکانەوە پاڵپشتی دەکران، چونکە خۆیان شاعیریش بوون، بۆیە لە ناوەرۆکی شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغەدا ڕەنگیدایەتەوە، مەولوودنامەش یەکێک بووە لەو بابەتانە، بۆنموونە: (سلێمان چەلەبی١٤٢٢-؟) مەولوودنامەیەکی هەیە بەناوی: (مولد)، یان (وسيلت نجات)و لە (٦٠٠) دێرە شیعری مەسنەوی پێکهاتووە، لەسەر کێشی ڕەمەڵەو بۆ پێداهەڵدانی پێغەمبەری نووسیوە[١٧]؛ شاعیرێکی تر بەناوی: (حمدى) کەلە (٨١٤ک) مردووە، مەولوودنامەیەکی هەیە بەناوی: (مولد النبى)، بەڵام ئەوەی حەمدی بەشێوەی غەزەل نووسراوە، نەک داستانیی، بۆیە لای هەندێک ناوەکەی بە: (مولد الجسماني و مولد الروحاني) هاتییەو لای هەندێکی تر بە: (المولد الجسماني والمورد الروحاني) هاتووە. کە لەچاو ئەوانەی سەردەمی پێش خۆی ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبوو[١٨]، ئەمانەش هەندێکی ترن لەو مەولوودنامانەی بەزمانی تورکی نووسراون ودەچنەخانەی ئەدەبی تورکییەوە بۆنموونە: (سليمان بن عبدالرحمن ناسراو بە: نحيفي)، کەلە (١١٥١ک) مردووە، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (مولد النبي)؛ هەروەها (عبدالله حلمي ناسراو بە يوسفزاده)، کە لە (١٠٨٥-١١٦٧ ک) ژیاوە، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (الكلام السني المصفى في مولد النبي المصطفى)؛ (عبدالله الكاشغري ناسراو بە ندائي)، کە لە (١١٧٤ک) مردووە، مەولوودنامەیەکی هەیە بە ناوی: (مولد النبي)؛ هەروەها (عبدالقادر نجيب الدين ناسراو بە أشرفزاده البرسوي)و لە (١٢٠٢ک) مردووە، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (مولد النبي)؛ هەروەها (الشيخ محمد بن نصوح ناسراو بە نصوحي الرومي)، کەلە (١١٣٠ک) مردووە، مەولوودنامەی هەیە بە ناوی:

(الجمع الزاهر المنير في ذكر مولد البشير النذير)؛ (مصطفى إسماعيل ناسراو به سلامی) كه له (١٢٢٨ك) مردووه، مەولوودنامەی هەیە بەناوی: (مولد النبي)[١٩]، ئەم مەولوودنامانە لەو ماوەیەدا هۆکارێک بوون بۆ تەشەنەکردن و پەرەسەندنی خۆشەویستی خەڵکەکە بۆ پێغەمبەرو زیاتر پێگیری کردن بە بنەماو ناوەرۆکی ئاینی ئیسلام.

**١-٢-٤ : له ئەدەبی کوردیدا :**

له ئەدەبی کوردیشدا مەولوودنامە وەک لای زۆربەی میللەتانی موسڵمانی رۆژهەڵات، هەر له کۆنەوە لەلایەن شاعیرانەوە بایەخی پێدراوەو هەوڵی لاسایکردنەوەی دراوە ، جا چ بە شیعر بێت، یان بە پەخشان نووسرابێت(*)، هۆکارەکەشی نیشاندانی پابەندبوونی خۆیانە وەک پیاوی ئاینیی بە بنج وبنەوانی ئایینەکەیان و دەربڕینی خۆشەویستی و وەفاداری بۆ پێغەمبەرەکەیان و بەرزو پیرۆزراگرتنی پلەو پایەو شوێنی ئەو لەناو دڵ ودەروونی موسڵماناندا، ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو مەولوودنامانەن کەتا ئێستا بەردەستن و بەپێی دیالێکتەکانی زمانی کوردی نووس راون، بۆ نموونە :

**١-٢-٤-١ : کرمانجی سەروو :**

- مەولوودنامەی مەلای باتەیی(١٦٧٥-١٧٦٠ز) کە بەناوی: (مەولویدا مەلایێ باتەیی)یەو بە شیعر نووسراوەو لە ساڵی(١٩٨٢) بڵاوکراوەتەوە[٢٠]، لای ئەدەبناسان: بە یەکەمین مەولوودنامە بە زمانی کوردی دوای سەرچاوە عەرەبییەکان دادەنرێت.[٢١]

- مەولوودنامەی مەلا (سراج الدین)ێ خەلیلی، کەلە (١٩٨٣)مردووە، بەناوی : (دورا برنجی) یەو لە (١٦٢) دێرەشیعر پێکهاتییە، بە شێوەیەکی دیار لە رووی روخسارو ناوەرۆکەوە لاسایی مەولوودنامەکەی مەلای باتەیی کردووەتەوە[٢٢]،

**١-٢-٤-٢ : کرمانجی خواروو :**

- مەولوودنامەی مەلا خدری دەشتی(١٩٠٩-١٩٥٧)، کە بەناوی: (مەولوودنامەو بروانامەی دەشتی)یەو لەساڵی (١٣٦٧ک/١٩٤٨ز) بەشیعر نووسراوە،[٢٣] و هەمان شێوەی مەولوودنامەکەی مەلای باتەیی هەیە.

- مەولوودنامەی محمد رشاد موفتی(١٩١٥-١٩٩٢) کە بەناوی: (مەولوودنامەی کوردی)یەو لە ساڵی(١٩٥٠) بەشیعر نووسراوەو بە زمانێکی سادە دارێژراوە، مۆرکی شێوەی هەولێری پێوە دیارەو پڕە لە وشەی عەرەبی وفارسی.[٢٤] ،

- مەولوودنامەی مەلا خەلیلی موخلیس(١٩١٠-١٩٨٥)، بەناوی: (مەولوودنامەی کوردی)ەو بە شیعر نووسراوەو زۆربەی خاڵەکانی دووبارەکردنەوەی دانراوەکەی مەلایێ باتەییە[٢٥].

- مەولوودنامەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، کە بەناوی: (مەولودنامە)یەو بە پەخشان و شیعرە سەرەتای ئەم دانراوە لەوانەی تر جیاوازەو باسی خۆشەویستی (پێغەمبەر د.خ) دەکات[٢٦].

- مەولوودنامەی محەمەدی مەلا قادری وەرتێ، کە بەناوی: (مەولودنامەی پێغەمبەر)ە، ئەم دانراوە لەلایەنی کێش و سەرواوە کزەو لە هەندێ جێگەدا وەکو پەخشانەشیعر دێتەبەرچاو[٢٧]

- مەولوودنامەی شێخ ئەنوەر سەیدئەحمەد بەرزنجیی، بەناوی: (مەولوودنامەی ڕەسووڵی نازدار)، کە درێژترین مەولوودنامەی شیعرییەو دووبارەکردنەوەی هەمان بەرهەمەکەی (باتەیی)یە[٢٨] .

- مەولوودنامەی زەینەبخان مەلا رەئووف خادم سوجادە (کچەکورد)، کە بەناوی: (مەولوود نامەی پێغەمبەر(د.خ)، لەلایەن شێرزاد شێخ محەمەد لە زمانی تورکییەوە وەرگێردراوە، ئەوەی لەم دانراوەیەدا بەدی دەکرێ، هەمان مەولوودنامەکەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی کۆیێیە[٢٩] .

- مەولوودنامەی مەلاحوسێنی شێخانی، بەناوی: (مەولودنامە لەپەسنی حەزرەتی رەسووڵی ئەکرەم)، کەلە (٥٥٨) دیرەشیعرە پێکدێت و لەساڵی (١٣٦٢)هەتاوی لە شنۆ چاپکراوە[٣٠]،

- هەروەها چەندین مەولوودنامەی تر، کە لەلایەن شاعیرانەوە نووسراون و تائێستا بە دەست نووس ماون و چاپنەکراون، وەک: مەولوودنامەی مەلا تاهیر مەلا مەعروف قورشاغلویی، مەلا محەمەد ئەمین رواندزی، مەلا محەمەدی پاکی و مەلا محیەدینی ساڵحی و هی تر[٣١]

**١-٢-٤-٣ : بە زاری گۆرانی –**

مەولوودنامەی (سید بهاءالدین شمس القریشی) کە بەناوی: (منظومە کردی)یەو لەساڵی (١٣٢٦ ک/١٩٠٩ز) لەبەغدا چاپکراوە، ئەم نامیلکەیە بە شیعرەو لە شێوەیەکی هونەری بەرز خۆی دەنوێنێ و پڕە لە وشەو زاراوەی عەقایدو فەلسەفەو لۆجیک[٣٢] .

**١-٢-٤-٤ : زازاکی (دوملی) :**

- مەولوودنامەی عوسمان ئەفەندی، کە بەناوی: (مەولودا نەبی)یەو لەساڵی(١٩٠٣) بە شێوەی (زازاکی) نووسراوەو لە دیمەشق لە ساڵی(١٩٣٣ز) دوای مردنی ناوبراو بە ساڵێک چاپکراوە[٣٣]، هەروەها چەندین مەلوودنامەی تر بەوزارە نووسراوە، بەڵام بەهۆی چاپنەبوونی ئاماژەمان پێ نەکردووە، وەک: مەولوودنامەی (مەلا ئەحمەدێ خاسی)[٣٤].

**٢ : مەولوودنامەی کوردی لە رووی روخسارو ناوەڕۆکەوە:**

روخسارو ناوەرۆک وەک دوو رەگەزی پێکهێنەری هەربابەتێکی ئەدەبی، یان هونەری، هەر لە کۆنەوە بە دوو بنەماو پێکهاتەی بنەڕەتی دەقێکی گونجاوی پەسندکراو دادەنرێت، نەک هەر لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، بگرە لە گشت دیاردەکانی تری ژیانیشدا هەروایە، وەک دیاریشە: ((ناوەرۆکی دیاردەکانی ژیان، پابەندی شێوەکەیەتی، فۆرمەکەشی لە ناوەرۆکەکەدا نە براوە))[٣٥] واتە دوورەگەزی پێکەوە گرێدراوو دانەبراوی یەکترن، لەبارەی ئەوەی ئایا (ناوەرۆک) لە پێش روخسارەوەیە، یان روخسار لەپێش بابەتەوەیە، لەم رووەوە رەخنەگرانی بواری فەلسەفە پێیان وایە : ناوەرۆک پێش فۆرم دێت، بەڵام کەباس دێتەسەر ئەدەب، دەڵێن : ((مامەڵە کردن لەگەڵ بەرهەمێکی ئەدەبی، نابێ هەمان مامەڵەی فەلسەفەی لەگەڵدا بکرێت، واتە روخسار پێش ناوەرۆک دێت))[٣٦] ، بۆیە لێرەدا ئێمەش هەوڵ دەدەین سەرەتا بە رووخسار دەستپێ بکەین :

**٢-١ : رووخساری مەولوودنامە :**

**٢-١-١ : لە رووی زمانی شیعرییەوە :**

وەک پێشتر خستمانەروو، هەریەک لەم مەولوودنامانە بەپێی شێوەی نووسینەکەی، دیارە کە جۆرە جیاوازییەک لە نێوان دەقە کوردییەکاندا هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە هەریەک لەو مەولوودنامانە لە ناوچەیەک و شوێنێک نووسراون و ئەو ناوچانەش جیاوازی لەشێوەی نووسینەکانیاندا هەیەو بەپێی دیالێکتەکان نووسراون، وەک هی: (قازی رەشاد موفتی و مەلا خدری دەشتی و مەلا خەلیلی موخلیس)، کە تایبەتن بە شاری هەولێر، هەروەها هەندێک لەو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مەولوودنامانە لەبەر زۆری نووسینەوەو بڵاوبوونەوەی و کەوتنە سەرزاری خەڵکە ئاساییەکە، وای لێهاتووە وەک دەقێکی فۆلکلۆری تێکەڵ بە زمانە سادەکەی ناوچە لادێنشینەکان ببێت، کە لاساییکردنەوەیەکی سادەیی دانەکەی مەلای باتەیی بەرچاو دەکەون، هەندێکی تریش وەک دەقێکی پەخشانی خۆی دەنوێنێت، بەهۆی ئەوەی کە دەقە بنەڕەتییەکە لە سەرەتادا بە پەخشان بووە، یان پەسەند نەبوونی شاعیران هاتوون بە پەخشانێکی سەروادار تۆماریان کردووە، ئەمەش لەبەر پێویستی ناوچەکەو ویستی خەڵکەکە بۆ ئەو شێوازە نووسینە، هۆکارەکەشی: ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی خەڵکەکە بووە بۆ ئەو جۆرەو شێوازە ئەدەبییە لە نووسیندا، نموونەی وەک هی: (شێخ حوسێنی قازی و شێخ محەممەد عەلی کوچک مەلاو مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی کۆیی)، لەگەڵ ئەوەشدا مەولوودنامەمان هەیە بەشێوەیەکی هونەری بەرز نوسراوەو زمانەکەی گرانەو لەچاو ئەوانی تردا بەپێزترەو پڕە لە وشەو زاراوەی عەقایدو فەلسەفەو بە کۆمەڵێک وشەی عەرەبی وفارسی رازاوەتەوە، وەک هی: (سەید بهاءالدین شمس القریشي و سەید ئەنوەر سەید ئەحمەد بەرزەنجی)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی زۆربەیان بەشیعر نووسراون، بەڵام هەیانە بە پەخشان نووسراوەو شیعریشی خراوەتەپاڵ، یان تێکەڵکراوەو بووە بە پەخشانەشیعر، وەک هی: (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و مەلا محیەدینی ساڵحی)، لە کۆتاییشدا دەتوانین بڵێین : زمانی شیعریی مەولوودنامەکان ئەگەرچی زۆربەیان شیعرەو هەشە بە پەخشانە، بەڵام هەندێکیان زمانێکی تێکەڵ بە پەخشان و شیعر نووسراون .

## ٢-١-٢: لەرووی کێشەوە :

بە هەمان شێوە ئەگەر بێین سەیری کێشی مەولوودنامەکانیش بکەین، دەبینین هەر یەک لەو مەولوودنامانە، ئەگەرچی هەریەکەی بە شێوەیەک نووسراون و لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازن لە رووی شێوازی دیالێکتەکانیان، بەڵام زۆربەی مەولوودنامەکان ئەوانەی بە شیعر نووسراون، دەکرێت بڵێین: بە کێشی(رەمەل) هۆنراونەتەوە، چونکە کێشێکی زۆر سووک وسوارە بۆ شیعری درێژی وەک : داستان و چیرۆکە شیعرو بەیت، یان چیرۆک گێرانەوەو مەولوودەکان، بە تایبەتی کێشی رەمەڵی مەحزووف، یان مەقسوور، کە کێشی یازدە برگەییشی پێ دەگوترێت [٣٧]، وەک لای (مەلای باتەیی و مەلا حوسێنی شێخانی و مەلا خەلیلی موخلیس و مەلا خدری دەشتی و مەلا عوسمان ئەفەندی و قازی رەشاد موفتی)دا دەردەکەوێت، ئەمانە زۆرینەیان لە شەش تەفعیلە پێکهاتوون و هەنگاوەکانی: مەحزووف (فاعیلاتون- فاعیلاتون - فاعیلون×٢)، یان مەقسوور(فاعیلاتون- فاعیلاتون- فاعیلا، یان فاعیلان×٢)ی بۆ بەکارهاتووە، ئەم کێشەش بە بۆچوونی زۆربەی زانایانی کێشناسی: کێشێکی گونجاوو لەبارە بۆ شیعری ئاینی و تەقوا داری[٣٨]، بۆنموونە: لای: (مەلای باتەیی) کێشی شیعرەکەی رەمەڵی شەشی مەحزوفەو هەنگاوو پێیەکانی بەم شێوەیەیە: فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلون، یان فاعیلان×٢ ، کە دەکرێ بە مەقسووریش هەژماری بکەین .

**حەمدی بێ حەد/ بۆ خو دا یێ/ عا لە مین**

**حەم/ دی/ بێ/ حەد/ بۆ/ خو/دا/ یێ/ عا/ لە/ مین/**

**ئەو خو دا یێ/ دایە مە دی/ نێ مو بین**

**فا عی لا تون / فاعی لا تون / فا عی لون**

لای مەلا خەلیلی موخلیسییش بەهەمان شێوە، لەسەرەتای مەولوودنامەکەیدا دەردەکەوێت ، کە تیایدا هاتووەو دەڵێت :



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

**با بکەین یارانی دین حەمدی خودا**
**با/ ب/ کەین/ یا/ - را/ نی/ دین/ حەم/ - دی/ خو/ دا**
**دی ن و دون یا/ مان ز یا تر/ پێ دە دا**
**فا عی لا تون / فا عی لا تون/ فا عی لان**

ئەمەش هەمان کێشی ڕەمەڵی (١١) برگەیی شەش هەنگاوی مەحزووف(مەقسوور)ە .

لای دەشتی شاعیریش، هەمان کێشی ڕەمەلی مەحزووفە، وەک لەسەرەتاکەیدا هاتووەو دەڵێت:

**ئەی خودایی/ بێ شەریک و/ بێ مەکان**
**ئەی/ خو/دا/ یی/- بێ/ شە/ ری/ کو- بێ/ مە/ کان**
**هەر ئەتۆی قەتعەن بەسەرتانێ زەمان**
**فاعی لا تون/ فا عی لا تون/ فا عی لان**

**٢-١-٣ : لە ڕووی سەروا(*) شەوە :**

هەموو ئەو مەولوودنامانەی کە بەشیعر نووسراون، یان بە پەخشانە شیعر نووسراون، هەر هەموویان سەرواکانیان مەسنەوییە، (شیعری کوردی زاری گۆران (لە مەلا پەرێشانەوە تا ئێستا)، چەند هۆنراوەیەکی سەیدی هەورامی و چەند دێرێکی مەولەوی لێ دەرچێ ئەوەی تر هەمووی سەروای مەسنەوییە، هەموو چیرۆکە شیعرو بابەتە ئاینییەکانیش هەر مەسنەوین)[٣٩]، چونکە سەروای مەسنەوی جۆرێکە لەخۆ گونجاندن و بەردەوامیدان بە درێژکردنەوەی شیعرو گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی، بۆیە شاعیران و نووسەرانی داستان و چیرۆکە درێژە ئایینییەکان هەوڵیانداوە شێوازی مەسنەوی(مزدەوەج) لە دارشتنەوەی چیرۆک و ڕووداوەکاندا پەیرەوی بکەن و پێی بگەنە مەبەست و مەرامەکانیان، بۆنموونە: ئەگەر بێین سەیری مەولوودنامەکان بکەین، هەروەک لە پێشەوە ناوەکانیان بەپێی دیالێکتەکانیان خستمانەڕوو، دەبینین هەموویان یەک شێوە سەروایان بۆ بەکارهاتووە، ئەویش: جووت سەروایە، وەک لای (مەلای باتەیی) و ئەوانی تریشدا دەردەکەون ، بۆنموونە :

**حەمد بێ حەد بۆ خودایێ عالەمین**
**ئەو خودایێ دایە مە دینی موبین**
**ئەم کرینە ئەممەتا (خیر البشر)**
**تابعێ وی موقتەدایێ نامەور**
**ئەو خودایێ مالکێ مولکێ عەظیم**
**دایە مە میراثا قورئانا کەریم ([٤٠]).**

ئەم شێوازەی مەسنەوی (جووت سەروا) دەنگەکانی بەم شێوەیە ( AA BB CC)

یان وەک ئەوەی لای (محمد ڕەشاد المفتی)، کە سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەستپێ دەکات :

**وا بەناوی خوا دەکەم من ئیبتیدا**
**تا بەئەمری خۆشەویست بێ ئیقتیدا**
**ڕەحمەتی زۆرو سەلامی خوای مبین**
**سەر محمد بێ شەفیع المذنبین**
**هەم لەسەر ئالی عباو ئەسحاب و یار**
**تا قیامەت هەردەمە کی سەد هەزار([٤١])**

که بەهەمان شێوە سەرواکانی مەسنەوییەو پێیەکانی بەم شێوەیەیە ( AA BB CC)
بەکارهێنانی ئەم شێوازەی جووت سەرواش، هەربە تەنها لای کورد بەکارنەهاتووە، بەڵکو شێوازێکە شاعیرانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش بە گشتی بەکاریان هێناوەو پەیرەوییان لێکردووە، بەتایبەتی وەک: داستانەکانی خەمسەیی نیزامی و مەسنەوی جەلالەددینی ڕۆمی، بۆیەشە پێی گوتراوە مەسنەوی، چونکە: ناوەکەی لەو پێنج دەفتەرەی مەولانای ڕۆمی وەرگیراوە، کە بۆ سەرواکانی خۆی بەکاری هێنابوون، ئەمەش وایکردووە شاعیرانی کوردییش وەک شاعیرانی فارس و تورک و عەرەب پەیرەوی لێ بکەن و لاسایی بکەنەوە.

## ٢-٢ : مەولوودنامە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە :

وەک لەناونیشانی باسەکەدا دیارە، ڕوخسارو ناوەڕۆکی ئەو مەولوودنامانەیە، کە لەلایەن شاعیرانەوە نووسراون، بۆیە لێرەدا تەنها باسی ئەوانە دەکەین کە: بە شیعر نووسراون، ناوەڕۆکی مەولوودنامەکانیش زیاتر ئەوانەن کە: خۆیان لە دروستکردنی ئاسمان و زەوی و مرۆڤدا دەبینێتەوە، لەگەڵ پێداگوتنی زات و سیفاتی پێغەمبەرو موژدەی لە دایکبوون و خۆشی دەربڕین و خەونەکەی سولتان موزەفەر بۆ ئەو بۆنەیەو دروستکردنی چەندین چیرۆکی تر، کە باسی سوودی گێڕانی مەولوود دەکرێ ودەبێتەهۆی چاکەو خۆشی بۆ ئەوانەی کە مەولوود دەخوێننەوە.

ئەو بۆنەو یادانەی کە مەولوودیان تێدا دەخوێندرێتەوە: جگە لە لەدایکبونی پێغەمبەر (د.خ)، مەولوود بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی کەسانی تریش بەکاردێت، یان لە کۆبونەوە خێزانییەکانیش ئاهەنگ و مەولوود دەخوێندرێتەوە، بەمەبەستی دەرچوون لە ناخۆشی و چاکبوونەوە لە نەخۆشی ولادانی بەڵایەک لەسەریان، یان دوای مردنی کەسێک مەولوود دەخوێندرێتەوە، هەروەها لەچەندین بۆنەی تری کۆمەڵایەتیش بەکاردەهێندرێت، بەڵام ئەوەی لەم مەولوود نامانەدا بەرچاو دەکەوێت، خۆشەویستی پێغەمبەرەو لەبەرپیرۆزی ئەمرۆژە ئەویادە دەکرێتەوە، ناوەڕۆکی زۆربەی مەولوودەکانیش دووبارەکردنەوەو چاولێکردنی ناوەڕۆکی مەولوودنامەکانە کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، بە تایبەتیش: (مولد العروس، ابن الجوزی)ی، بۆیە ناوەڕۆکی مەولوودنامەکان دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە بە نموونەی شیعریی بەرچاوی بخەین.

١– لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)

**چۆن ژ ئادەم نوورا ئەحمەد بوو جودا**
**هاتە پشتا (شیث)ێ (برهان الهدی)**[٤٢]

٢- سوپاسکردنی خوا کە محەمەدی کردۆتە پێغەمبەر :

**حەمدی بێ حەد بۆ خودایێ عالەمین**
**ئەو خودایێ دایەمە دینێ موبین**[٤٣]

٣- ستایشکردنی پێغەمبەر (د.خ) :

**بحێ پێغەمبەر بکەم بۆ امتێ**
**تا بنێری بۆ هەمووی خوا رحمتێ**
**گوێ بدەن بۆتان بکەم ئەی اهلی دین**

**وصفی پاکی حضرتی طه الامین**[٤٤]

٤- خێری ئاهەنگگێڕان وخوێندنەوەی مەولوود :

**هەر کەسی گوهدارێ مەولودا نەبی دەرگەهێ مزگینیان دێ لێ ڤەبی**
**گۆت وی پێغەمبەرێ عالی صفەت مولدا من هـەرکەسێ مازن بکەت**
**ئەز شەفیعێ وی مە ڕۆژا مەحشەرێ دێ ڤەخۆت ئەو تاسەک ئاڤا کەوثەرێ**[٤٥]

٥- ناوهێنانی خەلیفەکانی ڕاشیدین :

**هەم ژ بۆ بەکرو عومەر هات ئەڤ خەبەر هەم ژ عوسمان وعەلی چێبوو ئەثەر**
**دەرهەمەک بت صەرفێ مەولوودا نەبی خێرەکێ مازن ژ بۆ حاصل دەبی**[٤٦]

٦- ناوهێنانی شێخ و زانایانی پێشینان :

**هەم ژ شەیخان بوو ڕیوایەت ئەڤ خەبەر شەیخێ کەرخی ، فەخری ڕازی با دیگەر**
**هەر کەسێ حاضر بکەت ئەو یەك طەعام یا بخوورو شەربەت و قەدرێ تەمام**[٤٧]

٨- پەیدابوونی نووری محمدی :

**گرت یەك قەبضە ژنورا خۆ خودا گۆتە وێ (کونی حبیبي احمدا)**[٤٨]

٩- خوڵقاندنی گەردوون لەنووری محەممەدی :

**نصفی ئەووەل بویە بەحرو هەر لڤی نێ ژ ترس و هەیبەتێ قەط نانڤی**
**هەم کەلی ئەو بەحرو کەف دا و دوخان کەف بویە ئەرض و دصخان بصو ئاسمان**[٤٩]

١٠- خولقاندنی حەزرەتی ئادەم لە خاک :

**چۆن ئیرادەت هات سوڵطانێ ڕەفیع چێکەتن ئادەم ب ڤێ شەکلێ بەدیع**
**ئەمر هاتە گووشێ جبرێلێ ئەمین قەبضەئێ بینە ژ بەیضائێ زەمین**[٥٠]

١١- خوازبێنی کردنی ئامینە بۆ عەبدوڵلا :

**گۆتە دایێ : ڕابە ئەی زیبا خصال زەوجەئێ بۆ من بخوازە بەس دەلال**
**با جمال و باکمال و با ئەدەب خوەش ئەدا شیرین لقا عالی نەسەب**[٥١]

١٢- موژدەدانی پێغەمبەران بە ئامینە کە کوڕێکی پایەبەرزی دەبێت :

**لێ د خەونێ دا مە دیتن بێ عەدەد ئەنبیاء و ڕەمزو نیشان وسەنەد**
**ئەووەلا من دی ژ من نوورەک دچی قەصرێ بو صرا عەکسا وێ ددی**[٥٢]

جگە لەو بابەتانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بڵێین: هەموو مەولوودنامەکان بە هەمان شێوەی مەولوودنامەکەی مەلای باتەیی باسی قۆناغەکانی پێش لەدایکبوون وسەرەتای بوونی پێغەمبەرمان بۆ دەکات، بەڵام ئەوەی زیاتر لەمەولوودنامە کوردییەکان بەرچاو دەکەوێت و لەعەرەبییەکان جیایان دەکاتەوە، زیادکردنی برگەی بەکارهێنان و ئاماژەدانە بە چۆنیەتی نووسین و خزمەتکردنی ئەو بابەتە بە زمانی کوردی، وەک لە مەولوودنامەی مامۆستا ڕەشاد موفتیدا دەردەکەوێ، کە تیایدا هۆکاری نووسینەکەی بەزمانی کوردی دەخاتەروو، وەک دەڵێت :

١٣- خزمەتكردنی زمانی كوردی :

**بەو زوبانی كوردیەی شیرین زوبان**
**بەحسی گەورەیی هەردوو عالەم بكەم بەیان**
**با نەڵێن كوردی نیە مەدحی نەبی**
**من وەهام نووسی كە كەس قسەی نەبی**[٥٣]

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە، بۆچی شاعیرانی كورد لاسایی شاعیرانی كلاسیكی میللەتانی دراوسێیان كردووەتەوە، یەكێك لە كارەكانیش نووسینی مەولوودنامە بووە، هەروەک لای مەلای باتەیی دەردەكەوێت، كە بەلایەوە: ((ئەدەبی بەرز ئەو شیعرەیە كە شاعیرانی فارس و توركی عوسمانی لە شیعری عەرەبییەوە دروستیان كردبوو شتێكی نوێیان هێنابووە ناوەوە ، مەلای باتەیی لەسەر ئەو باوەڕەبوو میللەتی كورد ئەوكاتە مافی خۆی لەناوەوە دەبێ، كە ئەدەبێكی بەرزی وەكو ئەدەبی هاوسێكانی هەبێ، هەستی نەتەوەیی لەو رۆژگارەدا بۆتەهۆی بە كوردی كردنی رۆشنبیری وخوێندەواری ، بەلای ئەوەوە ئەمە پێچەوانەی ئەوە نەبووە زمانی ڕەسمی ئایینی ئیسلام عەرەبی بێ))[٥٤]، بۆیە دەبینین بە كوردیش شیعریان هۆنیتەوەو لەپاڵ لاساییكردنەوەی بنەوانی ئایینەكە، هاتوون بنەوانی شیعری عەرەبیشیان هێناوەتە ناوەوەو بەرهەمی بەرزو بەپێزیان بۆ داهێناوین، هەروەک لەو مەولوودنامانەدا بەدیار دەكەوێت .

## ئەنجام

پاش خستنەرووی روخسارو ناوەرۆكی باسەكەمان، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- شاعیرانی كورد بۆ برەودان بە یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرەكەیان و بەردەوامیدان بەو بۆنەیە هەروەک شاعیرانی تری موسڵمانان هاتوون مەولوودنامەیان بۆ ئەم یادە نووسیوەو تیایدا ویستوویانە خۆشەویستی و وەفاداری بۆ سەركردەكەیان دووپات بكەنەوە، وەک لە نموونەی مەولوودنامەكاندا ئاماژەمان پێكرد كە لە ناوەرۆكی مەولوودنامەكاندا هاتووە.

٢- سەرەتای سەدەی چوارەم بەسەرەتایی دەركەوتنی ئەم یادە دادەنرێت، زانایان و مێژوو نووسانی ئەدەبیش پێیان وایە میللەتی كوردو شاری هەولێر بەیەكەم كەس ولایەن دادەنرێن بۆ خزمەتكردنی ئەم یادەو بۆنەیەیە ، هەروەک لە لایەنە مێژووەكەیدا بەدیار خرا.

٣- مەولوودنامەكەی مەلایێ باتەیی كە لە تێكست ومەولوودنامە عەرەبییەكەی (ابن الجوزی) ەوە وەرگیراوەو ئەویش بە شێوازی پەخشان هۆنراوەتەوە، لای مەلایێ باتەیی هەمووی وەكو



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

بەیتێکی درێژ لەسەر شێوازی شیعر نووسراوەتەوەو لە(٥٦٤) دێرە شیعر پێکهاتووە ، ئەمەش رێ خۆشکەربووە بۆ شاعیرانی تر کە بێن لاسایی بکەنەوەو بەهۆیەوە ئەم یادە بەرز بنرخێنن ، چونکە یەکەم دانەی نووسراوی پەسەند بووە لەلایەن شاعیرانەوە.

٤- لە رووی زمانی شیعرییەوە، مەولوودنامەکان هەریەکەی بەو شێوە زمانە نووسراوە کە ناوچەکەی پێی دەئاخێون و تێیدەگەن، نموونەی دیالێکتەکانی وەک: (کرمانجی سەروو کرمانجی خواروو زازاکی وگۆرانی)، کە لەروخسارو ناوەرۆکی مەولوودنامەکاندا ئاماژەی پێکراوە، چونکە هەر شاعیرەی بەپێی شێوەزارەکەی هەوڵیداوە خزمەتی ئایینەکەو خەڵکەکەی پێ بکا، کە خۆی بەکاری دەهێنێت، ئەمەش وایکردووە چەندین شێوەی مەولوودنامەمان بەرچاو بکەوێت.

٥- لەرووی کێشی بەکارهاتووی مەولوودنامەکانیش، زۆربەی ئەو کێشەی بۆ مەولوود نامەکان بەکارهاتووە کێشی رەمەلە، لەناویشیدا رەمەلی شەش هەنگاوی مەحزووف یان مەقسوور، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەلای زۆربەی ئەدەبناسانی موسڵمان و مێژوونووسانی ئەدەب و رەخنەگران ئەمجۆرە کێشە زۆر گونجاوو لەباربووە بۆ بابەتە ئاینییەکان، ئینجا چ لەبەر سووکی کێشەکە بێت، یان لەبەر نزیکی و گونجاوی لەگەڵ کێشی دە برگەیی هیجایی کە لەسەر زارو بەکارهێنانیدا ئاسان و خۆش ئاوازەو لەگەڵ شیعری خۆماڵی کوردیدا دەگونجێت، هەروەها ئەم کێشی رەمەلە زیاتر بە کێشی (١١) برگەییش ناسراوە لای رەخنەگرانی کورد.

٦- لەرووی سەرواشەوە، هەموو ئەو مەولوودنامانەی کە بە شیعر لەلایەن شاعیرانی کوردەوە نووسراون، شێوەی جووت سەروای مەسنەویان بۆ بەکارهاتووە، کە شێوازێکی بەکارهاتووی رۆژهەڵاتییەو شاعیرانی ئەو میللەتانە بۆ بابەتە ئایینی و شیعرە درێژەکانیان وەک : چیرۆکە شیعرو داستان و بەیت بەکاریان هێناوە ، چونکە شێوازێکە دەستکراوەیی و هەناسە درێژی بە شاعیر دەدات کە رووداوو بەسەرهاتەکان بە پێی ویست و توانایی خۆی دایان برێژێتەوە ،هەر ئەمەشە وایکردووە شاعیران پەنای بۆ ببەن.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

## پەراوێز

١- حافظ قازی، فەرهەنگا قازی ، کوردی - عەرەبی ، ل : ٤٤٧ .
٢- گیو موکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە ، عەرەبی - کوردی ، ل : ٤١٣ .
٣- هەژار، هەمبانە بۆرینە (فرهنگ کردی- فارسی) ، ل : ٨٣٦ .
(*)- لە هەموو ئەو فەرهەنگانەی ئاماژە بەو وشەیە دەکەن دەڵێن : بەمانای نووسراو دێت, وەک لە : (فەرهەنگی عەمید)و(معین)ی فارسی و فەرهەنگی کوردی بۆرەکەییدا نامە، یان (namak) بەمانای نووشتە, کاغز نوشتە شدە، کتاب هاتووە، چونکە: نامە: نووسراوێکە بە خامە, نووسین, گوتراوەو کیتابیش دەگرێتەوە، بڕوانە: حسن عمید, فەرهەنگی فارسی عمید، ص:١٨٩١؛ د. محمد معین برهان قاطع, فەرهەنگی معین, ج/٣, ص: ٢٠٧ ؛ د. صدیق صفی زادە بۆرەکەیی, فەرهەنگی بۆرەکەیی: کردی- فارسی, ل : ١٠٠٣؛ مسعود خالد گولی, فەرهەنگا گولی, فارسی- کوردی، ل : ٣٥٦.
٤- ابراهیم احمد حسین، لە نێوان مەولوودنامە عەرەبی و کوردییەکاندا، ل: ٤٧ ؛ د. ئارسن موسا رەشید، ئاهەنگێ مەولودی پێغەمبەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی شەشەم، ل : ٢٤٧٨-٢٤٨٠ .
(*)- لای موسڵمانانی سوننە (١٢)ی (ربيع الاول) رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان محەممەدە (د.خ)، بەڵام لای شیعەکان رۆژی (١٧)ی (ربيع الاول) ئەو یادە دەکەنەوە، بڕوانە: بحرق اليماني، حدائق الانوارو مطالع الاسرار في سيرة النبي المختار, ص : ١٠٥.
٥- شێرزاد شێخ محەمەد ، مەولوودنامەی پێغەمبەر(د.خ)، ل : ١٣.
6- د. ئارسن موسا رەشید، ئاهەنگێ مەولودی پێغەمبەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب/ شەشەم، ل : ٢٤٧٨
٧- جلال الدين السيوطي، حسن المقصد في عمل المولد ، ص : ١٧
٨- کارزان موحسین قادر، چەردەیەکی ئەدەبیات و تیۆری رەخنەی ئیسلامگەریی ، ل : ١ .
٩- محمد علوي المالكي، الاحتفال بذكرى المولد النبوي الشريف, ص: ٩٣-١٠٣ ؛ علي الجندي, نفخ الازهار في المولد الموختار , ص: ١٧٨ .
١٠- د. ابراهیم احمد حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥١ ؛ ابن الجوزي, مولد العروس, الترقي, ديمشق ١٤٢٩ هـ, ص: ١١ .
(*): لەناو زانایانی ئیسلامدا دووبەرە بۆیادکردنەوەو رەتکردنەوەی ئەم بۆنەیە هەیە، هەندێک پێیان وایە: ئەم یادە لاساییکردنەوەیەکی رووتی بێگانەیەو هی کافرەکانەو بە بیدعەی دەزانن ، بڕوانە: تەحسین دۆسکی، ژیاننامەیا پێغەمبەرێ ئیسلامێ سلاڤ لێ بن، بپ: ٢٧-٣٠ ؛ لە هەمانکاتدا زۆربەی زانایان پێیانوایە دەبێ ئەم یادە بکرێتەوە، چونکە بیدعەیەکی حەسەنەیەو دەبێتەهۆی برەودان بەخۆشەویستی بۆ پێغەمبەر، وەک : شیخ عبدالله الهرري , الروائح الزكية في مولد خير البرية ، ص: ٥١-٦٠ ؛ د. جميل حليم الحسيني، الكوكب المنير بجواز الاحتفال بمولد الهادی البشير, ص : ٣٧ ؛ (د) عوسمان محەممەد غەریب، یادی مەولود لە دیدی زانایاندا ، ناوەندی ئارا ، سلێمانی . ٢٠١٦.
١١- ابوالحسن عبدالله البكري ، الانوار في المولد النبي محمد(ص) , ص : ١١
١٢- محمد علوي المالكي ، الاحتفال بذكرى المولد النبوي الشريف, ص : ٩٣-١٠٣.
(*)- مێژونووسانی ئەدەبیاتی ئێرانی، قۆناغەکانی ئەدەبیان بەسەر سێ سوور دابەش کردووە :
أ- ئێرانی کۆن ، لەسەرەتای بوونی زمانی ئێرانی کۆن, کە لەزمانی هاوبەشی (هیندو ئێرانی) یەو لە هەزارەی دووەمی(پ، ز) تا سەدەی چوارەم وسێیەمی(پ . ز) درێژەی هەبووە .
ب- ئێرانی ناوەڕاست, لەسەدەی سێ وچواری (پ.ز) دەستپێ دەکات وتا سەدەی نۆیەمی زایینی بەردەوامەو(پەهلەوی) پێدەڵێن، فارسی وکوردی وزمانە ئێرانییە تازەکانی تر دەگرێتەوە .
ج- ئێرانی تازە, لەسەدەی هەشتەم ونۆیەمی زایینەوە دەستپێ دەکات وتائێستا بەردەوامە، بڕوانە: د. ئەمین عەلی موتابچی ، شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی ، ل : ٦-٧ .
١٣- د. ذبيح الله صفا , تاريخ ادبيات ايران , ج/١ ، ص : ٤٣ .
١٤- علاءالدین سجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، انتیشارات کوردستان، ٢٠١٩/١٣٩٨، ل : ٣٠ .
١٥- محمد علوي المالكي ، الاحتفال بذكرى المولد النبوي الشريف, ص : ١٠١-١٠٣ .
١٦- هۆکاری بوونی ئەدەبی تورکی بەزمانی فارسی و ناوەرۆکی سۆفیگەری لە ئەنادۆڵی ئێستادا، بۆ بوونی کۆمەڵێ شێخ و موریدی سۆفی لەو ناوچەیە دەگەرێتەوە، بەتایبەتی پاش هاتنی شێخ (بهاءالدین)و کورەکەی کە

ناوی(جلال الدين ٦٠٤ک-٦٧٢ک)بوو، دوای دانیشتنی جەلالەددین لەشوێنی باوکی، توانی بنەماکانی سۆفیگەری لەناوچەکە بە کتێبێکی پێنج بەرگی بەناوی مەسنەوی بڵاو بکاتەوەو ببێتە بنەمایەک بۆ موریدانی خۆی، بڕوانە: حسين مجيب المصري، نفس المصدر، ص :٤٠ .

22- حسين مجيب المصري , نفس المصدر ، ص : ٧٢ .

١٨- حسين مجيب المصري , نفس المصدر ، ص :١٦٤-١٦٥ .

١٩- حسين مجيب المصري , نفس المصدر ، ص :١٦٤-١٦٥

(*) بەهۆی ئەوەی باسەکەمان لەسەر ئەو مەولوودنامانەیە کە بە شیعر نووسراون، بۆیە بە پێویستمان نەزانی باسی ئەوانە بکەین کە: بە پەخشان نووسراون، نموونەی وەک: مەولوودنامەی شێخ حوسێنی قازی(١٧٩٣-١٨٧١)و هی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەی کۆیێ، بڕوانە: د. ابراهيم احمد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی، ل :٣٢٩-٣٣٥؛ یان ئەوەی شێخ محەممەد عەلی کوری کوچک مەلای حوسامی، کەلە (١٢٥٨ک-١٣١٢ک) ژیاوە، بەناوی: (مەولودی نەبی)، بڕوانە: د. عەبدوڵلا حەدادی هەولێری، گەشتێک لە قەڵای هەولێرەوە بەرەو سۆربۆن، ل: ٢٦٠)، یان مەولوودنامەی کوردی مەلا محیەدینی ساڵحی (١٩٣٥-٢٠١٠)، دەستنووس، بڕوانە: رستگار، رۆژ نامەی هەولێر، ژمارە /١٢٦٦،١٢٦٥ ، ١٢٦٧، لە١٨-١٩-٢٠/ ٢/ ٢٠١٢، ل : ١٨ ، ٢٠ .

٢٠- صادق بهاءالدين ئامێدی، مەولویدا مەلایێ باتەیی، مطبعة : سمير اميس ، بغداد ، ١٩٨٢.

٢١- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، مەلایێ باتەیی، ژیان وبەرهەم ، چاپا دووێ ، ٢٠٠٥ ، ل: ٣٧.

٢٢- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، لدۆر ئەدەبێ کرمانجی ، ل : ٢٤٤-٢٤٥ .

٢٣- موحەمەد دەشتی، مەولوودنامەو بڕوانامەی دەشتی، چاپی یەکەم، ، هەولێر، ١٩٨٨ .

٢٤- محمد رشاد المفتی، مەولودنامەی کوردی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هەولێر، ١٤٠٧ھ/١٩٨٧ .

٢٥- د. ابراهيم احمد حسين ، سەرچاوەی پێشوو، ل : ٦٣ .

٢٦- مەلا عەبدولکەریم مودەریس، مەولوودنامەی کوردی ، چاپخانەی : شەفیق ، بەغدا ، ١٩٦٩.

٢٧- د. ابراهيم احمد حسين ، سەرچاوەی پێشوو، ل : ٦٤ .

٢٨- د. ابراهيم احمد حسين ، سەرچاوەی پێشوو، ل : ٦٦ .

٢٩- زەینەب خان مەلارەئووف خادم سوجادە(کچە کورد)، مەولوودنامەی پێغەمبەر(د.خ)، و : لە تورکییەوە : شێرزاد شێخ محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی فێربوون، هەولێر ، ٢٠٢١ .

٣٠- مەلا حوسێنی شێخانی، مەولودنامە ، چاپی یەکەم ، شنۆ ، ئێران ، ١٣٦٢ هەتاوی .

٣١- زەینەب خان مەلارەئووف خادم سوجادە(کچە کورد)، هەمان سەرچاوە ، ل : ٤٠ .

٣٢- د. ابراهيم احمد حسين ، سەرچاوەی پێشوو، ل : ٦١.

٣٣- عوثمان افندی ، مولودا نبی ، چاپخانەی : ترقی ، دمشق ، ١٩٣٣ .

٣٤- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی ، ل: ٢٤٢.

٣٥- ئەنوەر قادرمحەمەد ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، ل : ٢٦ .

٣٦- هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٧

٣٧- عەزیز گەردی : کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل: ١٥٩-١٦٠، ١٦٦؛ رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، ل : ٣٨٧-٣٨٩.

٣٨ - تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، مەلایێ باتەیی ژیان وبەرهەم ، ل : ٣٧ .

(*)- سادەترین پێناسەی سەروا ئەوەیە کە: لە کۆتایی لەتەدێر، یان دێرەشیعردا، تەنیا یەک وشە (وشەی سەروا) بەهاوبەش بوونی دەنگێ، یان چەند دەنگێکی کۆتایی سەروایان درووست کردبێ. (د. عەزیز گەردی، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی: وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل : ٨٠) .

٣٩- هەمان سەرچاوە ، ل : ١٠٥ .

٤٠- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، مەلایێ باتەیی ژیان و بەرهەم ، ل : ٤١

٤١- محمد رشاد المفتی، مەولودنامەی کوردی ، ل ١ .

٤٢- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، مەلایێ باتەیی ژیان و بەرهەم ، ل : ٥٩

٤٣- هەمان سەرچاوە ، ل : ٤١.

٤٤- رشاد مفتی ، مولودنامەی کوردی ، چاپخانەی هەولێر ، چاپی سێیەم ، ١٩٨٧، ل : ٢.

٤٥- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، مەلایێ باتەیی ژیان و بەرهەم ، ل : ٤٥.

٤٦- هەمان سەرچاوەو لاپەرە .
٤٧- هەمان سەرچاوەو لاپەرە .
٤٨- هەمان سەرچاوە ، ل : ٤٨ .
٤٩- هەمان سەرچاوە ، ل : ٤٩ .
٥٠- هەمان سەرچاوە ، ل: ٤٩ .
٥١ - هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٠ .
٥٢ - هەمان سەرچاوە، ل : ٧٥ .
٥٣- رشاد مفتی، سەرچاوەی پێشوو، ل : ١.
٥٤- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ل : ٤٠٧ .

## لیستی سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز.
فەرموودەکانی پێغەمبەر.

**١: کتێب**

١- ابراهیم ئەحمەد شوان(د)، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١٢.
٢- ئەنوەر قادر محەمەد(د)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨.
٣- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ژیاننامەیا پێغەمبەرێ ئیسلامێ، چاپا ئێکێ، دهۆک، ٢٠٠٢ .
٤- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، لدۆر ئەدەبێ کرمانجی، چاپا یەکێ، چاپخانا کۆری زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٤ ،
٥- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، مەلایێ باتەیی، ژیان وبەرهەم، چاپا دووێ، چاپخانا:وزارەتا پەروەردێ ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .
٦- حسێن شمرخی، مولودا ملایێ باتیێ (بە رێنووسی لاتینی)، چاپا پێنجەم، چاپخانا نوبهار، ئیستانبوڵ، ٢٠١٨ .
٧- شێرزاد شێخ محەمەد، مەولوودنامەی پێغەمبەر(د.خ)، چاپخانەی فێربوون، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.
٨- صادق بهاءالدین ئامێدی، مەولویدا مەلایێ باتەیی، چاپخانەی سمیرامیس، بەغدا، ١٩٨٢
٩- عەبدوڵڵا حەدادی هەولێری(د)، گەشتێک لە قەڵای هەولێرەوە بەرەو سۆربۆن، چاپی یەکەم ، چاپخانەی (؟) ، ٢٠١٤.
١٠- عەزیز گەردی(د)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
١١- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩ .
١٢- عەزیز گەردی، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دێکان ، سلێمانی ، ٢٠٠٣.
١٣- علاءالدین سجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، چاپی یەکەم انتیشارات کوردستان، سنە ، ئێران، ١٣٩٨.

١٤- عوسمان محەممەد غەریب(د) ، یادی مەولوود لە دیدی زانایاندا ، ناوەندی راگەیاندنی ئارا، سلێمانی، ٢٠١٨ .
١٥- عوثمان افندی، مولودا نبی، چاپخانەی : ترقی ، دمشق ، ١٩٣٣ .
١٦- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم و بەرگی حەوتەم ، چاپی یەکەم، چاپخانەی: وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٢ و ٢٠٠٧ .
١٧- مەلا خدر ئەحمەد عەبدوڵلا (دەشتی)، مەولودنامەو بروانامەی دەشتی، مطبعة الثقافه و الشباب، هەولێر، ١٩٨٨.
١٨- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مەولوودنامە ، چاپخانەی شەفیق ، بەغدا ، ١٩٦٩ .
١٩- محمد رشاد المفتی، مەولودنامەی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هەولێر، ١٩٨٧.
٢٠- موخلیس ، مەولوودنامەی کوردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٨.

**گۆڤارەکان:**

٢١- ئەمین عەلی موتابچی(د) ، شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی ، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات, ژمارە/١٦, ساڵی١٩٧٣.
٢٢- ابراهیم احمد حسین(د)، لە نێوان مەولوودنامە عەرەبی و کوردییەکاندا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ساڵی سێیەم، ژمارە(٥)، نیسانی ١٩٩٩.
٢٣- کارزان موحسین قادر، چەردەیەکی ئەدەبیات وتیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە/٥ی ساڵی٢٠٢٣ ، بەرگی/٢٧.

**ڕۆژنامەکان :**

٢٤- رستگار، مەولوودنامەی کوردی مەلا محەیدینی ساڵحی(١٠٣٥-٢٠١٠) دەستنووس، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەکانی/١٢٦٥،١٢٦٦، ١٢٦٧، لە ١٨، ١٩، ٢٠ی٢ /٢٠١٢

**ئینسکلۆپیدیا**

٢٥- ئارسن موسا رەشید(د)، ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی شەشەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی : گرین گالۆری ، لوبنان ، ٢٠٠٩ .

**فەرهەنگەکان :**

٢٦- حافظ قازی، فەرهەنگا قازی(کوردی -عەرەبی ، عەرەبی -کوردی) ، چاپا دووێ ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .
٢٧- صدیق صفی زادە بۆرەکەیی(د) , فەرهەنگی کوردی بورەکەیی: کردی - فارسی , چاپی یەکەم . انتشارات کردستان ، سنە ، ١٣٨١.
٢٨- گیوموکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە عەرەبی– کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٥ .
٢٩- مسعود خالد گولی , فەرهەنگا گولی, فارسی–کوردی, دهوك ,٢٠٠٢.
٣٠- هەژار(عبدالرحمن شرفکندی)، هەمبانە بۆرینە(فرهنگ کردی– فارسی)، چاپی سێیەم، چاپخانەی : سروش ، تهران ، ١٣٨١ .

**دووەم : بە زمانی عەرەبی :**

٣١- ابوالحسن عبدالله البكري,الانوارفي المولد النبي محمد, المكتبه الحيدريه, نجف الاشرف, ١٩٧٨

٣٢- ابن الجوزي, مولد العروس , الترقي , ديمشق، ١٤٢٩ هـ
٣٣- بديعه محمد عبدالعال(د) ، الادب الترکی العثمانی ، ط/١ ، دار الثقافية للنشر , بغداد ، ٢٠٠٧.
٣٤- بحرق اليماني، حدائق الانوار ومطالع الاسرار في سيره النبي المختار, ط/٤, دار المنهاج ، (٢٠١٥)
٣٥- جلال الدين السيوطي، حسن المقصد في عمل المولد،ط/٣,مطبعة النهظة،بغداد، ١٩٨٩.
٣٦- جميل حليم الحسينى(د) ، الكوكب المنير بجواز الاحتفال بمولد الهادى البشير .
٣٧- شيخ عبدالله الهرري,الروائح الزكيه في مولد خيرالبريه، ط/٢، دارالمشاريع، جده،١٤٢٩

**سێیەم بە زمانی فارسی**

٣٨- ذبيح الله صفا(دكتر), تأريخ ادبيات ايران, جلد اول، پخش اول، چاپ چهاردهم، چاپخانه رامين، ١٣٨١هـ .

**فەرهەنگەکان :**

٤٠- حسن عميد, فرهنگى فارسى عميد, ج/ دووەم، انتشارات امير كبير, تهران، ١٣٨١.
٤١- محمد معين (در) برهان قاطع , فرهنگى معين, ج/ ٣, انتشارات امير كبير، تهران ، ١٣٥٧

List of sources
The Holy Qur'an.
Hadiths of the Prophet.
A : Book
1- Ibrahim Ahmad Shuan (D), Ancient Kurdish Literature, 1st Edition, Salahaddin University Printing House, Erbil, 2012.
2- Anwar Qadir Mohammed (D), Literary Theory and Methodology, Third Edition, Andisha Printing House, Sulaimani,
3- Tahsin Ibrahim Doski, Biography of the Prophet of Islam, First Edition, Duhok,
4- Tahsin Ibrahim Doski, Kurdish Literature, First Edition, Kurdistan Information Center Printing House, Erbil, 2004,
5- Tahsin Ibrahim Doski, Malay Batayi, Zyan w Barham, Chapa Due, Chapkhana: Ministry of Education, Erbil,
6- Hussein Shamrkhi, Mawluda Malaye Batiye (Latin Script), 5th Edition, Nubahar Printing House, Istanbul,
7- Sherzad Sheikh Mohammed, Mawlidnamey Peygamber (pbuh), Ferbun Printing House, 1st edition, Erbil, 2021.
8- Sadiq Bahauddin Amedi, Mawlida Malaye Batayi, Smiramis Printing House, Baghdad, 1982
9- Abdullah Haddadi Hawleri (D), A Journey from Erbil Castle to the Sorbonne, 1st Edition, Printing House (?),
10- Aziz Gardi (D), Sarwa, 1st edition, Ministry of Culture Printing House, Erbil,
11- Aziz Gardi, Weight of Classical Kurdish Poetry, First Edition, Ministry of Culture Printing House, Erbil,
12- Aziz Gardi, Raberi Keshi Shiri Klasiki Kurdi, 1st Edition, Dekan Printing House, Sulaimani,
13- Alaeddin Sajadi, History of Kurdish Broadcasting, Kurdistan Publishing House, Sanaa, Iran,
14- Osman Mohammed Gharib (D), Mawlid in the view of scholars, Ara Media Center, Sulaimani,
15- Othman Effendi, Mawluda Nabi, Tarqi Printing House, Damascus,
16- Marf Khaznadar (D), History of Kurdish Literature, Volume 2 and Volume 7, First Edition, Printing House: Ministry of Education, Erbil, 2002 and
17- Mullah Khadr Ahmad Abdullah (Dashti), Dashti's birthday and certificate, Culture and Youth Printing House, Erbil, 1988.
18- Mullah Abdulkarim Muderis, Mawloodnama, Shafiq Printing House, Baghdad,

19- Mohammed Rashad al-Mufti, Kurdish Birthday, 3rd Edition, Erbil Printing House,
20- Mukhlis, Mawloodnamey Kurdi, 1st edition, Erbil Printing House, Erbil,

Magazines:
21- Amin Ali Motabchi (D), Kurdish Poets and Persian Literature, Journal of College of Literature, No. 16,
22- Ibrahim Ahmad Hussein (D), Between Arabic and Kurdish Birthday Books, Journal of Humanities, Salahaddin University, Erbil, Year 3, No. 5, April 1999.
23- Karzan Mohsin Qadir, A literature and theory of criticism of Islamism, University Journal of Humanities, No. 5, 2023, Vol.
Newspapers :
24- Rastgar, Mawloodname Kurdi Mullah Mohaidini Salihi (1035-2010) Manuscript, Erbil Newspaper, Nos. 1266, 1265, 1267, 18, 19, 20 February
The Encyclopedia
25- Arsen Musa Rashid (D), Ahange Mawludi Peghamber, Erbil Encyclopedia, Vol
Sixth, First Edition, Green Gallery, Lebanon,
Dictionaries :
26- Hafiz Qazi, Farhanga Qazi (Kurdish-Arabic, Arabic-Kurdish), Second Edition, Ministry of Education Printing House, Erbil,
27- Siddiq Safizadeh Borakeyi (D), Kurdish Dictionary Borakeyi: Kurdish-Persian, First Edition. Kurdistan Publishing House, Sanaa,
28- Giumukriani, Farhangi Nobara Arabi-Kurdish, 1st edition, Ministry of Education Printing House, Erbil,
29- Massoud Khalid Guli, Farhanga Guli, Persian-Kurdish, Duhok,
30- Hazhar (Abdulrahman Sharafkandi), Hambana Borina (Kurdish-Persian Dictionary), third edition, Sarush Printing House, Tehran,
Second: In Arabic:
31- Abul Hassan Abdullah al-Bakri, al-Anwarfi al-Mawld al-Nabi Muhammad, al-Haydriyah School, Najaf al-Ashraf,
32- Ibn al-Jawzi, born al-Arus, al-Tarqi, Damascus, 1429 AH
33- Badia Mohammed Abdul-Aal (D), Ottoman Turkish Literature, Vol. 1, Dar al-Thaqafiya Publishing House, Baghdad,
34- Bahrq Al-Yamani, Hada'iq al-Anwar and Mutal' al-Asrar in the Sirah of the Prophet al-Mukhtar, Vol. 4, Dar al-Manhaj, (2015)

35- Jalal al-Din al-Suyuti, Hassan al-Maqsad in the work of the generator, Vol. 3, Nahza Printing House, Baghdad,
36- Jamil Halim Al-Husseini (D), Al-Kukab Al-Munir on the occasion of the birthday of Al-Hadi Al-Bashir.
37- Sheikh Abdullah al-Harri, Al-Rawaih al-Zakiya in Mawlid Khair al-Bariyah, Vol. 2, Dar al-Mashari', Jeddah,
Third in Persian
38- Zabihullah Safa (Dr.), History of Iranian Literature, Volume 1, Issue 1, Fourteenth Edition, Ramin Printing House,
Dictionaries :
40- Hassan Omid, Omid Persian Dictionary, Vol. 2, Amir Kabir Publishing House, Tehran,
41- Mohammad Moein (Dr) Burhan Qata'i, Moein Dictionary, Vol. 3, Amir Kabir Publishing House, Tehran,